






# یانەی بروسک ئەم وەزرە بە تیپێکی تەواو جیاواز دەردەکەوێت

**تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی بروسك دوای ئەوەی وەرزی رابردوو توانی شان بە شانی یانەی برایەتی جارێکی دی لە خولی پلە یەکەکانی کوردستان پلیتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێیت و بۆ جارێکی تریش بگەڕێتەوە ریزی یانە نایابەکان، بۆیە ئەم وەزرە تیپەکە بە تیپێکی تەواو جیاوازەوە بە ستافێکی راهێنەرانی تازە شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکەن، بەڵام لە ئێستادا یانەی بروسك لە قەیرانی دارایی رزگاری نەبووە، بەهۆی ئەوەی کە تاکو ئێستا پارەی گرێبەستی یاریزانانی لە وەرزی رابردووی نەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا یانەی بروسك بە تیپێکی تەواو لاوەوە ئەم وەرزە ئارەزووی ئەوە دەکەن، بتوانن باشترین ئەنجام بەدەست بهێنین، بۆ لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە چۆنیەتی ئامادەکارییەکانی تیپەکە ئەم راپۆرتەمان ئەنجامدا.**

راپۆرتی: کارزان کانەبی

فاتیح حەمە خان راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی بروسك لە بارەی ئامادەکارییەکانەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان وەکو پێویستە رۆژانە لەسەر یاریگەی خۆمان مەشقی چڕ ئەنجام دەدەین، هەر چەندە من یەکەم وەرزمە لەگەڵ یانەی بروسك کاردەکەم، بەڵام هەوڵمانداوە تیپێکی تەواو جیاواز دروست بکەین و زۆربەی هەر زۆری یاریزانانی یانەکەش لاون، ئەم وەرزەش ئامانجمان ئەوەیە بتوانین ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین، بەهیوای ئەوەشین یاریزانان و دەستەی کارگێڕی هەموومان بەیەکەوە بتوانین ناوی یانەی بروسك بەرز بکەینەوە، یانەکەش بگەڕێتەوە ئاستی پێشووی خۆی، لە ئێستاشدا هیچ کێشەیەکەمان نییە، جگە لەکێشەی دارایی نەبێت، پەنا بەخوا ئەویش چارەسەر دەکرێت و دەتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین.

لە لای خۆیەوە کاوە ئیبراهیم راهێنەری گۆڵپارێزی یانەی بروسك، لەبارەی ئامادەکارییەکانی یانەکەیان گوتی: «لە ئێستادا کێشەی دارایی بۆتە کێشەی سەرەکیی زۆربەی زۆری یانە بەشداربووەکان لەم وەرزی خولی نایابی کوردستان، ئەوەی تایبەت بێت بە یانەی بروسك، ئەوەیە کە ئێمە بودجەی ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤)مان وەرنەگرتووە، ئەوە (٢٠١٤-٢٠١٥)یشی هاتەسەر، لەگەڵ ئەوەشدا یاریزانانی تیپەکەمان زۆر بەوەفا بوون بۆ یانەکە و هەڵوێستی باشیان هەبووە لەکاتی ئەم قەیرانە داراییەش، جگە لەوەی نیوە مووچە وەردەگرن و گرێبەستی ساڵی رابردووشیان وەرنەگرتووە بەردەوامیشن لە مەشقەکان، گرێبەستەکانی ئەمساڵیشیان وەرنەگرتووە، ئەوەشمان پێیان گوتووە، ئامادەکارییەکانی ئێمە جیاوازن لەگەڵ یانەکانی دی، چونکە ئێمە و یانەی برایەتی ماوەی شەش مانگە دانیشتووین لە یانەکەمان، وەکو یاریزانێکی تووشبووی بە پێکانمان لێ هاتووە، پێویستیمان زیاتر بە مەشق و تەکنیکی تازە و ئەنجامدانی یاریی دۆستانەیە، تیپەکانی دیکەش بۆ ماوەی دوو مانگە لە وەرزش دوورن». لە بارەی گۆڵپارێزەکانیش گوتی: «مەشقەکانمان چڕ کردۆتەوە هەر چەندە مەشقی ئەمساڵمان زۆر زەحمەتترە لە وەرزی رابردوو، چونکە خولەکان جیاوازترن، گۆڵپارێزەکانیشمان بە ئامادەگییەکی باش گەیاندووە، واتە کۆمەڵێك گۆڵپارێزی باشمان ئامادە کردووە، هەروەها نامانەوێ ئەمساڵ هەر بۆ مانەوە یاری بکەین، بەڵکو دەمانەوێ ئاستێکی بەرزتر پێشکەش بکەین.

هەر لەو بارەیەوە توانا زوبێر کاپتنی یانەی بروسك



گوتی: «ئامادەكارییەكانمان یەكجار باشە، چونكە یاریزانانی ئێمە تەواو جیاوازن لە وەرزی رابردوو، تیپێكی تا رادەیەك گەنجانەمان هەیە، رۆژانەش لەسەر دەستی دەستەی راهێنەرانی بە ئەزموونی یانەكەمان مەشقی خۆمان ئەنجام دەدەین، لە ئێستادا راستە تیپەكەمان كێشەی دارایی هەیە، لەسەرجەم یانەكانیش ئەو قەیرانە هەیە، بەڵام ئەوە نەبۆتە هۆكار بۆ ئەوەی مەشقەكانمان دوابخرێت، یاخود پەكمان بكەوێت، رۆژانە بەو پەڕی دڵنیاییەوە مەشقەكانی خۆمان ئەنجام دەدەین، ئەم وەزرەش چاومان لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە، پێشبینیش دەكەم ئەم وەرزە ئاستی خولی نایابی كوردستان بەهێز بێت بەهۆی ئەوەی یانەكان چەندین یاریزانی بەتوانایان هێناوە.

محەمەد حەمە خان سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی بروسك، سەرەتا باسی ئەوەی بۆ گۆڵان كرد كە لە ئێستادا ئامادەكارییەكانیان لەسەر دەستی راهێنەری بەتوانا فاتیح حەمە خان دەستی پێكردووە و ستافێكی راهێنەری بەئەزموونیان هەیە. گوتیشی: «هەمیشە هەوڵی ئەوەمان داوە كە تیپێكی توكمە دروست بكەین بۆ یانەی بروسك، ئەمساڵیش جگە لەوەی كە چەندین كێشەمان هەیە، وەكو نەبوونی مووچەی پێویست و نەدانی گرێبەستی وەرزی رابردوو كە ئەمانە هەمووی گرفتن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەمانهێشتووە تیپەكە بوەستێ، بە هەر جۆرێك بێت بە نیوەچڵی مووچەكانمان دابین كردووە، بەڵام هیواداریین قەیرانی دارایی لە كوردستان چارەسەر بێت، بۆ ئەوەی مووچە و گرێبەست بۆ یاریزانانیش دابین بكەین، كە ئەویش مافێكی سروشتیی خۆیانە، بەهیوای ئەوەشین بتوانین باشترین تیپ بین لە خولەكە و ئەنجامی بەرچاو دەستەبەر بكەین.




## خەڵاتەکانی ئەم وەرزەی چام

یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا بەفەرمی خەڵاتە داراییەکانی ئەم وەرزەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا (چامپیۆنزلیگ) ی ئاشکرا کرد. یانە بەشداربووەکانی قۆناغی گروپەکان کە ژمارەیان ٣٢ یانەیە بەپێی ئەنجامەکانیان و گەیشتنیان بۆ قۆناغەکانی داهاتوو خەڵاتی دارایی وەردەگرن، ئەو بڕە پارەیە دەگاتە زیاتر لە یەك ملیار یۆرۆ کە بەم شێوەی خوارەوەن:

*ئەو یانەیەی بەشدارە لە قۆناغی گروپەکان راستەوخۆ بڕی ٨,٦ ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت.

* هەر یانەیەك لەیارییەکاندا سەرکەوتن تۆمار بکات، پاداشتی یەك ملیۆن یۆرۆ وەردەگرێت.

* هەر یانەیەك لەیارییەکاندا بەرامبەر بن، بڕی ٥٠٠ هەزار یۆرۆ وەك پاداشت وەردەگرن.

* هەر یانەیەك قۆناغی گروپەکان ببڕێت و بگاتە قۆناغی

## مۆرینهۆ دڵنیایە لە مانەوەی هازارد لەگەڵ یانەی چێلسی



جۆزێ مۆرینهۆ راهێنەری یانەی چێلسی رایگەیاند، دڵنیایە لەوەی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی هەڵبژاردەی بەلژیکا ئەدین هازارد لەگەڵ یانەکەی بەردەوام دەبێت و رەزامەندی نیشانداوە بۆندەکەی لەگەڵ بلوز درێژ بکاتەوە.

هێشتا ماوەی بۆندەکەی هازارد لەگەڵ یانەی چێلسی سێ ساڵی ماوە، بەڵام مۆرینهۆ دووپاتیکردەوە یانەی چێلسی لە ئێستاوە هەوڵ دەدات بۆندەکەی هازارد درێژ بکاتەوە. مۆرینهۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا گوتی: هیوامان زۆرە هازارد لە

## راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی فەرەنسا خەونی گەورەی زێدانە

ئەفسانەی تۆپی پێی فەرەنسی و راهێنەری تیپی دووەمی یانەی ریال مەدرید زینەدین زێدان دانی بەوەدا نا کە خەونی گەورەی ئەوەیە رۆژێك لە رۆژان ببێتە راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا و دووپاتیکردەوە ئەوەی لەتوانایدا بێت ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەی بگاتە بەدیهێنانی ئەم خەونەی.

زێدان لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی لا پرۆفانسی فەرەنسی گوتی: من هیوام یەکجار زۆرە، ئێستا راهێنەرم، بەڵام لەخۆم پرسی بۆ نەبم بە راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا؟

زێدانی تەمەن ٤٢ ساڵە هەروەها دەربارەی هەڵبژاردەی فەرەنسا گوتی: من هەڵبژاردەی فەرەنسام خۆش دەوێت، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن درێسی ئەم هەڵبژاردەم پۆشیوە و بەرگریم لێکردووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە من دەتوانم ببم بە راهێنەری هەڵبژاردەی فەرەنسا، بەڵام خەون بەو رۆژەوە دەبینم و ئەوەی لەتوانامدا بێت پێشکەشی دەکەم لە بواری راهێنەرایەتی بۆ ئەوەی خەونەکەم بێتەدی.

شایانی باسە زێدان لە وەرزی رابردوو یاریدەدەری راهێنەر کارلۆ ئەنشیلۆتی بوو لە یانەی ریال مەدرید، لەسەرەتای ئەم وەرزە بە فەرمی ئەرکی راهێنانی تیپی دووەمی یانەی ریال مەدریدی وەرگرت کە بەتیپی کاستیا ناسراوە و لەخولی پلە سێی ئیسپانیا یاری دەکات .



# ـــــــــپیۆنزلیگ ئاشکرا دەبن

١٦ بڕی ٣,٦ ملیۆن یۆرۆ وەك پاداشت وەردەگرێت.

* هـــەر یانەیەك بگاتە قۆناغی ٨ بڕی ٣,٩ ملیۆن یۆرۆ وەك پاداشت وەردەگرێت.

* هەر یانەیەك بگاتـــە قۆناغی پێش کۆتایی بڕی ٤,٩ ملیۆن یۆرۆ وەك پاداشت وەردەگرێت.

* ئەو یانەیەی لەیاری کۆتایی سەرکەوتن تۆمار دەکات، بڕی ١٠,٥ ملیۆن یۆرۆ وەك پاداشت وەردەگرێت.

* ئـــەو یانەیەی لەیاری کۆتایی دەدۆڕێنێت، بڕی ٦,٥ ملیۆن یۆرۆ وەك پاداشت وەردەگرێت .

جێگەی ئاماژەپێکردنە ئەم پاداشتانە داهاتی گواستنەوەی تەلەفزیۆنـــی لەخۆ ناگرێت، لە وەرزی رابردوو یانەی ریال مەدرید پاڵەوانـــی چامپیۆنزلیگ زیاتـــر لە ٥٧ ملیۆن یۆرۆی وەك پاداشت وەرگرت.

ماوەی داهاتوو ئاســـتێکی بەرزتر پێشکەش بکات و، ئێمە دەمانەوێ هازارد لەگەڵمان بەردەوام بێت، مەســـەلەکە تەنها کاتە و لە کۆتاییدا هازارد بۆندە تازەکەی واژوو دەکات.

ئەدین هازارد لەساڵی ٢٠١٢ لەیانەی لیلی فەرەنسی پەیوەندی بەیانەی چێلســـییەوە کرد و لە وەرزی رابردوو ١٤ گۆڵی بۆ یانەکەی تۆمار کرد.



ڕێبین ڕەمزی - ئوردن

## لە جامی یەکێتی ئاسیا

# هەولێر هەلێکی زێڕینی لە دەستدا



ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو لە وڵاتی ئوردن یاری پێش کۆتایی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێی لە نێوان هەردوو یانەی هەولێر و کیتچی هۆنگ کۆنگ ئەنجامدرا.

بۆ ئەم مەبەستەش شاندی یانەی هەولێر بەر لە بەڕێوەچوونی یارییەکە بە پێنج ڕۆژ گەیشتە عەممان-ی پایتەختی ئوردن بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەم یارییە. هەرچەندە وا بڕیار بوو یارییەکە لە ڕۆژی سێشەممە (٩/١٦) لە یاریگەی زەرقا کاتژمێر ٧ی ئێوارە ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی بوونی کێشەی کارەبا لە نێو یاریگە یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا پێش بەڕێوەچوونی یارییەکە بە چەند کاتژمێرێك کاتی یارییەکەی بۆ کاتژمێر ٤ی ئێوارە گۆڕی.

یانەی هەولێر لەم یارییە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد، بەڵام یاریزانانی یانەکە چەندین هەلی ئاسانی گۆڵ تۆمارکردنیان لە دەستدا، بەتایبەتی یاریزانان ئەمجەد ڕازی و لوئەی سەڵاح لە گێمی یەکەمی یارییەکە کە بە بێ گۆڵ تەواو بوو.

لە گێمی دووەمی یارییەکەدا یاریزانانی هەولێر هەر لە سەرەتاوە فشارێکی زۆریان خستە سەر گۆڵی تیپی کیتچی، تا یاریزان لوئەی سەڵاح توانی گۆڵی یەکەم تۆمار بکات، بەڵام لە هێرشێکی پێچەوانەدا یانەی کیتچی لێدانێکی سزای بۆ هەژمارکرا و یاریزانی پیشەگەری ئیسپانی بیلانسکۆ توانی گۆڵی بەرانبەر تۆمار بکات، هەرچەندە یانەی هەولێر لەم گێمەشدا چەندین هەلی ئاسانی گۆڵ تۆمارکردنی لە دەستدا، بەڵام یارییەکە بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ بۆ هەردوو یانە تەواو بوو.

ئەنجامی ئەم یارییە تا ڕادەیەك بۆ هەولێرییەکان خراپ بوو، چونکە یارییەکە لە نێو یاریگەی ئەوان ئەنجامدرا، بەڵام هیوای سەرکەوتنیان بۆ یاری کۆتایی ماوە کاتێك لە ڕۆژی (٣٠/٩/٢٠١٤) لە وڵاتی هۆنگ کۆنگ یاری چوونی ئەم پاڵەوانێتیە ئەنجام دەدرێت.

جێگەی باسە ئەگەر یانەی هەولێر بگاتە یاری کۆتایی پاڵەوانێتیەکە، ئەوە یارییەکە لە یاریگەی یانەکە لە وڵاتی ئوردن ئەنجام دەدرێت.